# لەیادی شانزەیەمین ساڵەی کۆتاییهاتنی ئەنفالەکاندا

# کوردقڕان لەبەڵگەنامەکانی بەعسدا




ڕۆژی 9/6 شازدە ساڵ بەسەر کۆتاییهاتنی پەلامارە دڕندانەکەی ئەنفالکردنی گەلەکەمان لەباشووری کوردستان تێپەڕدەبێت. لە 23ی شوباتی 1988داو پاش دە مانگ لەناردنی عەلی حەسەن ئەلمەجید لەلایەن سەدام حسێنەوە وەک حاکمێک بۆ کوردستان، فەیلەقەکانی یەک و دوو پێنجی سوپای عێراق و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ئەمن، ئیستخبارات و حزبی بەعسی عەفلەقی و فەوجەکانی جاش بەدرێژایی حەوت مانگ و دوازدە ڕۆژ و لەهەشت پەلاماری دڕندانەدا کەحەوتیان بۆ سەر ناوچە ڕزگارکراوەکانی ژێردەستی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بوو، بەکەڵک وەرگرتن لەهەموو جۆرە چەکێک (بەچەکی کیمیاییشەوە) توانییان ناوچە ڕزگارکراوەکان بەتەواوی کۆنترۆڵ بکەن و بەسەدان هەزار کەس بێ سەروشوێن و هەموو گوندەکانیش خاپوور بکەن.

لەڕاستیدا ئەنفالکردنی گەلی کورد لەعیراقدا پرۆژەیەکی کۆنی حزبی بەعسەو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شوباتی 1963، ئەو کاتەی کەعەفلەقییەکان بۆ یەکەمجار لەکودەتایەکی سەربازیدا دەسەڵاتیان کۆنترۆڵکرد. هەرچەندە تەقەللاکانی تری بەعس بۆ سڕینەوەی کورد لەکوردستانی عیراقدا بەو قەبارەیەی ئەنفالەکانی 1988 نەبوو، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کەپرۆژەی ئەنفالکردنی کورد پرۆژەیەکی ساتەوەختییەو دەرهاویشتەی هەلومەرجێکی دیاریکراوە..

لەشازدەهەمین ساڵیادی کۆتاییهاتنی پەلامارەکانی ئەنفالدا، ئەم دەرفەتە بەهەل دەزانم بۆ پێداچوونەوە بەمەرامە ڕاستەقینەکانی بەعس بۆ قڕکردنی نەتەوەکەمان، ئەم نووسینە دەیەوێت لەڕێگای چەند بەڵگەنامەیەک کە لەماوەی 1987 بۆ 1988

لەدامودەزگاکانی بەعسەوە دەرچوون حەقیقەتی ئەو رژێمە بەرامبەر بەکورد بخاتە بەردەستی خوێنەران.

---

## بەڵگەنامەی یەکەم

**کاتێک سەدام حسێن چارەسەرێکی بنەماڵەیی بۆ کێشەی کورد دەدۆزێتەوە**

سالّی 1987 هەموو چاودێرانی شەڕی عیراق-ئێران لەو باوەڕەدابوون کەشەڕەکە گەیشتووەتە ترۆپک و رژێمی عیراق بەهەر نرخێک بێت دەیەوێت کۆتایی بەو شەڕە بهێنێت. کورد کە لەو ماوەیەدا بووبووە بەشێک لەشەڕەکەو بەرەکانی شەڕ تادەهات لەکوردستانەوە گەرمتر دەبوون، دەسەڵاتدارانی بەعس و خودی سەدام حسێن هاتبوونە ئەو قەناعەتەی کەکەڵک لەو پاڵپشتییە نێونەتەوەییە وەربگرن و پێش کۆتاییهاتنی شەڕی عیراق-ئێران بەهەر نرخێک بووە کۆتایی بەکوردو کێشەکەی بهێنن لەعیراقدا. ئەوەبوو لە1987/3/29 ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لەکۆبوونەوەیەکی خۆیدا بەئیمزای سەدام حسێن بڕیاری (160)ی دەرکردو تێیدا عەلی حەسەن ئەلمەجیدی کرد بەفەرمانڕەوای رەهای ناوچەکانی باکوور، بەپێی راپۆرتی "میدل ئیست ووچ" کە لەساڵی 1993 بڵاوکرایەوە "دەسەڵاتی یاسایی عەلی حەسەن ئەلمەجید لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا هاوتای تواناو دەسەڵاتی خودی سەرەک کۆمار بوو"..

دەقی بەڵگەنامەکە بەکوردی

بسم الله الرحمن الرحيم

بەناوی گەلەوە

ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش

ژمارەی بڕیار 160

لە 1987/3/29

## بڕیار

بەپشت بەستن بەئەحکامەکانی برگەی (ڕ) لەماددەی چل و دوو، برگەی (ڕ) لـەماددەی چلوسێی دەستوور و بۆجێبەجێکردنی ئەو بڕیارە هاوبەشەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و سەرکردایەتیی هەرێمایـەتیی حـزبی بـەعس کـە لـە 1987/3/18دا بەسـترا، ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لەکۆبوونەوەی 1987/3/29 بڕیاریدا:

یەکەم: هاوڕێ عەلی حەسەن ئەلمەجید ئەنـدامی سـەرکردایەتیی هـەرێمی حـزبی بەعسی عـەرەبیی ئیشـتراکیی، نوێنەرایـەتیی سـەرکردایەتیی هەرێمایـەتیی حـزب و ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش دەکات بۆ جێبـەجێکردنی سیاسـەتی هـەردوولایان لەهەموو ناوچەکانی باکوورو ناوچەی ئۆتۆنـۆمیی کوردسـتان، لـەپێناوی پاراسـتنی ئاسایش و سەقامگیریی تێیداو جێبەجێکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی لەناوچەکەدا.

دووەم: بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە هاوڕێ ئەنـدامی سـەرکردایەتیی هەرێمایـەتیی سـەلاحییەتی هـەموو دامودەزگاکـانی حکومـەت مـەدەنی و عەسـکەری و ئەمنییـەوە لەدەستدایە، بەشێوەیەکی تایبەت سەلاحییەتەکانی ئەنجومەنی ئەمنی قەومی و لیژنەی کاروباری باکوور.

سێیەم: ئـەم لایەنانـە لەهـەموو ناوچـەکەدا پەیوەسـت دەبـن بـەهاوڕێ ئەنـدامی سەرکردایەتیی هەرێمایەتی و بڕیارو تەوجیهاتەکانی بەپێی ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن:

1-ئەنجومەنی تەنفیزیی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان.

2-پارێزگاری پارێزگاکان و سەرۆکی یەکەکانی ئیدارەی سەر بەو پارێزگایانە.

3-دەزگای موخابەرات و هێزەکانی ئەمنی ناوخۆو ئیستخباراتی عەسکەری.

4-سەرکردایەتیی جەیش شەعبـی.

چوارەم: سەرکردایەتیی سەربازیی ناوچەکە پابەندی فرمانـەکانی هـاوڕێ ئەنـدامی سەرکردایەتیی دەبن بەهەموو ئەوانەی پەیوەستن بەبڕگەی (یەکەم)ـی ئەم بڕیارەوە..

پێنجەم: لەڕۆژی دەرچوونییەوە تا ئاگادارکردنەوەیەکی تر کار بەم بڕیارە دەکرێـت، هیچ بڕگەیەکی یاسایی کاری پێناکرێت ئەگەر لەگەڵ ئەم بڕیارەدا نەگونجێت.

سەدام حسێن

سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش

پاش دەرکردنی ئەو بڕیارە عەلی حەسەن ئەلمەجید کەتاکو ساڵی 1968 عەریف بووە لەسوپای عیراقی و پاشان بەهۆی نزیکیی لەسەدامەوە پلەکانی تادەهات بەرزتردەبوون،

دەستیکرد بەدانانی نەخشەیەک بۆ جینۆسایدکردنی کورد. نەخشەکەی عـەلی حەسـەن ئەلمەجید لەسێ قۆناغی پەیوەندییدار بەیەکـەوە جێبـەجێکرا. سـەرەتای سـێ مـانگی دەسەڵاتی خۆی تەرخانکرد بۆ ئەو سنوورەی کەدەیویست پرۆسەی جینۆسایدکردنەکەی تێدا ئەنجام بدات، هەموو گوندەکانی ژێردەستی هێزی پێشمەرگەو گوندەکانی سەرجادە گشتییەکانی ژێردەسەڵاتی رژێـم بـوون بـەئامانج بـۆ قۆنـاغی دووەمـی مەرامـەکانی ئەلمەجید کەکۆکردنەوەی خەڵکەکەیە لەچەند مۆڵگەیەکی کۆنترۆڵکراودا.

لەمانگی حوزەیرانی ساڵی 1987دا چەند ئاگادارینامەیەکی بڵاوکردەوەو دوا مۆڵەتی بۆ تەسلیمبوونی هەموو گوندنشینەکان بەڕۆژی 1987/6/21 دانا. لەپێش کۆتاییهـاتنی مۆڵەتەکـە هێزەکـانی جـاش و جـەیش توانییـان زۆربـەی هـەرەزۆری گونـدەکانی ژێردەسەڵاتی رژێم برووخێنن و خەڵکەکەشی لەچەند کۆمەڵگایـەکی وەک (ێـمود، نێـر، ێدامیەی بازیان..)دا کۆبکەنەوە، بەڵام دەستی بەناوچە رزگارکراوەکان نەگەیشت، پاشان لە 1987/6/20دا فەرمانێکی بەژمارە (4008/28) دەرکـردو هەرسـێ فەیلـەقی یەک و دوو و پێنج و تێکڕای دامودەزگا ئەمنی و حکوومییەکانی لەوە ئاگادارکردەوە کـە لەپاش 1987/6/22 دا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو گوندانەدا بکرێت کەئامادە نەبوون دابەزن و لەکۆمەڵگاکاندا بژین، دەقی بڕیارەکەی عەلی حەسەن ئەلمەجیدیش ئەمەیە:

## بەڵگەنامەی دووەم

سەرکردایەتیی نووسینگەی باکوور

نووسینگەی سکرتارییەت

1987/6/20

ژمارە 4008/28

لەسەرکردایەتیی نووسینگەی باکوور

بۆ: فەرماندەیی فەیلەقی یەک/دوو/پێنج

ب: هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ گوندە قەدەغەکراوەکاندا لەڕووی ئەمنییەوە

بەلەبەرچـاوگرتنی ئـەوەی رۆژی 21ی حـوزەیرانی 1987 ئـەو ماوەیـەی کـەبۆ کۆکردنـەوەی گونـدەکان دانـراوە بـەڕەسمی کۆتاییـدێت، بڕیارمانـدا لـەڕۆژی 22ی حوزەیرانی 1987 بەو لاوە بەم شێوەیە کاربکەین:

1-هەموو ئەو گوندانەی کـە لـەڕووی ئەمنییـەوە قەدەغـەکراون و هێشـتا جێگـای تێکدەران و بەکرێگیراوانی ئێران و خیانەتکارانن بەخیانەتکار دابنرێن.

2-بوونی مرۆڤ و ئـاژەڵ تیایانـدا قەدەغەیـەو بەناوچـەی محەڕەمـە دادەنرێـت و تەقەکردن تیایاندا ئازادە، تا ئەو کاتەی ئێمە تەعلیماتی تر دەردەکەین.

3-هاتوچۆکردن لەوێوەو بـۆ ئـەویٚ کشـتوکاڵکردن و بەرهـەمهێنانی کشـتوکاڵی و پیشەسازیی و ئاژەڵداریی قەدەغەیـەو دەبێـت هـەموو دەزگـا تایبەتییـەکان بـەوردی چاودێریی ئەو مەسەلەیە بکەن، هەر لایەک بەپێی پسپۆڕایەتیی خۆی.

4-فەرماندەیی فەیلەقەکان ماوە ماوە بەشەوو ڕۆژ بەتۆپ و سـەمتی و فڕۆکـە ئـەو ناوچانە بۆردومان دەکەن بۆ کوشتنی زۆرترین خەڵک کە لەو جێگایانەدا دەبینرێن.

5-هەموو ئەو کەسانەی کە لەوێدا دەگیرێـن، حجـز دەکـرێن و دەزگـا ئەمنییـەکان حوکمی ئیعدام بەسەر ئەوانەدا دەدەن، کە تەمەنییان لە 15 ساڵ بۆ 70 سـاڵییە، بـەڵام پاش وەرگرتنی زانیاریی تەواو لێیان و پاشان ئاگادرمان بکەنەوە.

6-دەزگا تایبەتییەکان هەڵدەستن بەلێکۆڵینەوە لەگـەڵ ئەوانـەی خۆیـان تەسـلیم بەدەزگا حزبی و حکومییەکان دەکەن، ئەویش تەنیا لەماوەی سیٚ ڕۆژدا ئەگەر ماوەکە لە دە ڕۆژ تێپەڕی یان پێویستیی بەوەکرد ماوەکە زیاتر بکرێت دەبێت بەڕەزامەندیی ئێمـە بێت، بەتەلەفۆن یان بەبرووسکە لەڕێگای هـاوڕیٚ تـاهیر ئەلعانییـەوە پەیوەنـدیمان پێوەبکرێت.

7-ئەو تالانی و دەستکەوتانەی کەمستەشـارو چـەکدارەکانیان دەسـتیان دەکـەوێت بۆخۆیان دەبێت، جگە لەچەکی قورس و ئیسنادو چەکە سووکەکان بۆخۆیان بێت، تەنیا لەژمارەی چەکەکان ئاگادارمان بکەنەوە، لەسەر سەرکردایەتیی چەکدارەکانە، چـالاکانە مستەشارو فەرماندی سـریەو مـەفرەزەکان ئاگـادار بکەنـەوە، ئـەو چـالاکییانەی کـە لەچوارچێوەی فەوجەکانی دیفاع مەدەنیدا دەیکەن.

سەرکردایەتیی ئەنجومەنی تەشریعی، ئەنجومەنی تـەنفیزی، دەزگـای موخابـەرات، فەرماندەیی ئەرکانی سوپا، پارێزگارو سەرۆکی لیژنەی ئەمنی نەینەوا، تەئمیم، دیالـە، سەلاحەدین، سلێمانی، هەولێر، دهۆک، ئەمیندارەکانی ئەو پارێزگایانـە، بەڕێوەبـەری ئیستخباراتی سـەربازی، بەڕێوەبـەری ئـەمنی عامـە، بەڕێوەبـەری ئـەمنی ناوچـەی ئۆتۆنۆمیی مەنزوومەی ئیستخباراتی ناوچـەی کـوردو ڕۆژهـەڵات، بەڕێوەبەرایـەتیی ئەمنی پارێزگاکانی نەینەوا، دیالە، تەئمیم، سەلاحەدین، هەولێرو دهـۆک و سـلێمانی، تکایە ئاگاداربن و هەر لایەنێک بەپێی تایبەتمەندیی خۆی جێبەجێی بکات.

عەلی حەسەن ئەلمەجید

ئەندامی قیادەی قوتری

راسگری نهێنی* نووسینگەی باکوور

ئەم فەرمانەی لێپرسراوی مەکتەبی باکووری حزبی بەعسی عەرەبی هەنگاوی یەکەم بوو بۆ سێیەم قۆناغی پلانەکە کە لەناوبردنی رەگەزی کوردە لەعیراق.

یەکەکانی سوپای عیراق کەوا بەدوای ئەم فەرمانە بەوردی و خاڵ بەخاڵ جێبەجێیان دەکردو تەنانەت لەو پێناوەشدا لەبەکارهێنانی چەکی کیمیاییش سڵیان نەدەکردەوە. بەپێی راپۆرتەکەی میدل ئیست وۆچ لەو ماوەیەدا بەلای کەمەوە چل پەلاماری کیمیایی کرایە سەر ناو رزگارکراوەکان، گرتن و کوشتن و دەست بەسەرداگرتنی موڵک و ماڵ بۆ هەموو هێزێکی چەکدار لەو ناوچانەی کەناونرابوون محەڕەمە، ئازادو بگرە مایەی دەستخۆش و ئافەرین بوو، یەکێک لەو بەڵگەنامانەی کە لەساڵی 1991 دەستکەوتووە بریتییە لەنووسراوێکی فەیلەقی یەک کە لە (1987/7/8) ناردوویەتی بۆ نووسینگەی مەکتەبی باکوورو تیایدا باس لەوە دەکات کەهەندێک کەسیان گرتووەو پاشان ئیعدامیان کردوون و داوای راوبۆچوونی عەلی حەسەن ئەلمەجیدی کردووە. پاش چوار رۆژ نووسینگەی باکوور بەم شێوەیە وەڵامی فەیلەقی یەک دەداتەوە:

**بەڵگەنامەی سێیەم**

نەتەوەی عەرەب یەکەو خاوەن پەیامێکی پیرۆزە

حزبی بەعسی عەرەبیی سۆسیالیست

هەرێمی عیراق

سەرکردایەتیی نووسینگەی رێکخستنی باکوور

نووسینگەی سکرتارییەت

ژمارە 5083

1987/7/12 نهێنی و تایبەت

بۆ: فەرماندەیی فەیلەقی یەک

ب: ئیعدامکردنی تاوانباران

سڵاوێکی هاوڕێیانە

نووسراوی نهێنی و تایبەتتان (352) لە (1987/7/8) هاوڕێ عەلی حەسەن ئەلمەجید بەرپرسی نووسینگەی باکوور بەم جۆرە وەڵامی نووسراوەکەتانی دایەوە:

(هیچ لاریمان نییه لەسەربڕینی خیانەتکاران، بەڵام باشتروابوو بتانناردایە بۆ ئەمن، تاکو ئەوانیش لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکەن، لەوانەبوو هەندێک بابەتیان پێش لەسێدارەدانیان لێوەربگرتایە)
تکایە بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزماندا

تاهیر تۆفیق
سکرتێری لیژنەی باکوور

وێنەیەکی بۆ:
-سەرکردایەتیی لقی ڕەشیدی سەربازیی
-بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئیستخبارات

دەسەڵاتە ڕەهاکانی عەلی حەسەن ئەلمەجید بەڕاددەیەک بوو تەنانەت فەرماندە پلەبەرزەکانی سوپای عیراقی تووشی سەرسوڕمان و دۆشداماں کردبوو. ئەوەی لەمێشکی ئەم پیاوەدا هەبوو بەرامبەر بەکورد دەقاودەق هەمان ئەو شتانە بوون کە لەمێشکی سەدام حسێن دا هەبوون، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدابوو ئەم بەپراکتیکی جێبەجێکردن، ئەم دڕندەیە کە لەلایەن سەدامەوە بەردرابووە گیانی کورد لەیەکێک لەو کاسێتانەی کەلەساڵی 1991دا دەستی بەسەردا گیراوەو شارەزایانی بواری دەنگ ناسین لە"ڕێکخراوی میدل ئیست ووچ" ڕاستیی دەنگەکەیان سەلماندووە، بەم شێوەیە دەڕوانێتە کورد: "هاوینی داهاتوو نابێت هیچ گوندێک لێرەو لەوێ بمێنێت، جگە لەکۆمەڵگاکان، دەبێت وەک مریشکە بەکڕ هەموو جووجکەکان لەژێر باڵدا کۆبکەینەوە، ئێمە دەبێت ئەو خەڵکە بخەینە کۆمەڵگاکان و چاودێرییان بکەین..[1]".
عەلی حەسەن ئەلمەجید زۆر پەلەی بوو لەهەنگاونان بۆ قۆناغی سێیەمی پلانەکەی کەقڕکردن بوو، هەر لەیەکێک لەکاسێتەکانیدا کە لە15ی نیسانی 1989دا تۆمارکراوە دەڵێت: "لەکۆبوونەوەیەکماندا لەگەڵ سەرۆکەکانی ئەرکانی سوپادا یەکێک لەباشترین فەرماندەکانمان داوای لێکردم مانگێک پەلامارەکە دوابخەم، وتم: نەخێر تەنانەت یەک ڕۆژیشی دواناخەم، لەئێستاوە دەبێت دروشمی ئێمە ڕامالینی تێکدەربێت"[2]..
بەم جۆرە ئابلۆوقەی ناوچە ڕزگارکراوەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تەسکترو توندتر دەبوو، هەموو شێوازێکی پەیوەندیی لەنێوان شارەکان و گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە نەمابوو، دانیشتووانی ناوچە قەدەغەکراوەکان فەرمانی مردنی پێشوەختیان درابوو، سەرەتای ساڵی 1988 سوپای عیراق لەبەرەکانی جەنگدا تادەهات سەرکەوتنی

زیاتری بەدەستدەهێناو "گلۆڵەی بەختی ئێرانیش لەمەیدانی شەڕدا کەوتبووە لێژی" هەموو ئامادەکارییەکانی عەلی حەسەن ئەلمەجیدیش بۆ پەلامارەکانی ئەنفال لەناوەڕاستی مانگی شوباتی 1988دا تەواو بوو بوو.. ئەوەبوو شەوی 23ی شوباتی 1988 قۆناغی قڕکردنی کوردان لەسەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە لەسەرگەڵوو و بەرگەڵوو لەلایەن حزبی بەعسەوە دەستیپێکرد.

پەراوێزەکان:

1-جینۆساید لەعیراق دا پەلامارەکانی ئەنفال بۆ سەر کورد، و:محەمەد ساڵح تۆفیق، لا438.

2-هەمان سەرچاوە، لا439.

بەڵگەنامەکان